# هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند غازی محەمەد بە کپی تێپەڕی

**حەمە کاکەڕەش، سوید**



هونەرمەند غازی محەمەد

لە دنیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردیدا تایبەت هی حیزبەکان نا عەدالەتی وبێویژدانییەکی بێوێنە دەبینریٚ و هەست بەوەدەکرێت ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردی هێند بێدەربەستانە دەکاریٚ نەک هەر غەمی هۆشیار کردنەوەو داکۆکیکردن نییە لە تاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە ئامادەن بە کامێرایەکەوە  بە شوێن بەرپرسەکانەوەبن تا بکرێت وێنەیەکی گەورەو خەیاڵی و پیرۆزیان پێببەخشن، بەم کارانەیشیان بەردەوامی دەدەن بەو دۆخە نا هەموارە کە هونەرمەندێکی بەتوانای وەک. مامۆستا غازی محەمەد. پاش سالێک لەسەر جێگا کەوتن و تلانەوە بە دەم ئازارەوە کۆچی دوایی دەکات و هەواڵی مەرگی نابێتە مانشێتی هیچ ڕۆژنامەیەک و سەردێری هیچ دەنگو باسێک لە پشتگوێ خستنی هەواڵی کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە تێدەگەین ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئێمە چ ڕۆڵێکی ناتەندروست دەبینن. ئەم پشتگوێ خستنەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم هونەرمەندە تا لە ژیاندا بوو ئامادە نە بوو ببێتە هەلوکی حیزبەکان وئەوانیش یاری پێبکەن

### پیاوێک لە ڕەنگ

ڕەنگەکانت پڕن لە خەون
خەونەکانت کەشەنگ دیارن
ڕەنگی تابلۆی خەونەکانت
بارانێکی پڕ ئازارن

ڕەنگی غەمێک بەدی ئەکرا
لە ڕوخسارتا بێدەنگ بێدەنگ
ڕوانینەکانت پەشێو بوون

## تۆ پیاوێک بووی لە جوانی و ڕەنگ

گەرمیان و چیرۆکەکانی
بۆ لە ڕەنگیان هەڵناژەنی
بلوێر ژەنی* مەینەتەکان
ئاوازێک بە ڕەنگ نا ژەنی

جۆلانەیەک لە ڕەنگ هەڵخە
ئازاری گەرمیان ڕاژەنێ
تابلۆکانی تۆ هەر دەگرین
هەتا برین پێنەکەنێ

تێبینی * بلوێرژەنەکەی دەشتی گەرمیان* تابلۆیەکی هونەرمەندی کۆچکردوو مامۆستا غازی محەمەدە